Khabat خەبات

ماڵپەری ناوەندیی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان

The Revolutionary Khabat Organization Of Kurdistan

# ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا و رابەری شەهید **مامۆستا خدر عەبباسیی** بە پێنووسی خۆی

سەرنج: لەسەر داوای دۆستێکی دێرین و خۆشەویستی، پایزی ساڵی–١٣٧٥–مامۆستا ئەم ژیاننامەیەی بە پێنووسی خۆی نووسیوە. بۆ دەرخستنی بەشێکی دیکە لە مێژووی نەتەوەکەمان و تیشک خستنەسەر قۆناغەکانی ژیانی ئەو رابەرە شەهیدەمان، بە پێویستمان زانیی لە یادی–١٠–ساڵەی کۆچی مامۆستادا، بەشێک لەو ژیاننامەیە، بەبێ دەستکارییکردن، بڵاوبکەینەوە.

لەبەر درێژیی نووسراوەکە و چەند هۆی جۆراجۆر، هەندێک جێگەی لابراوە و لەو شوێنانە چەند خاڵ داندراوە.



مامۆستا مەلا خدر عەبباسیی

بنکەی سەرکردایەتیی خەبات،ی شۆڕشگێڕ لە بناری قەندیل ٥ ی خەرمانانی ١٣٧٠

## کاتی لەدایک بوونم

لەو سەردەمەدا کە منی تێدا هاتوومەسەر دنیا خوێندەواریی لە کوردستانی دواکەوتوودا لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووە، لە لادێیەکاندا قوتابخانەی دەوڵەتیی بەدەگمەن بینراوە، مامۆستایانی ئایینیی تاقە چاوگەی زانیاریی و ڕووناکبیریی و، حوجرەی فەقێیان تاقە فێرگەی خوێندەواریی بوون. ...... لەبەرئەوە زۆر بە دەگمەن ڕێکەوتووە بابایەکی دێهاتیی ڕۆژ و مانگی لەدایکبوونی تۆمارکرابێ......

بەهۆی ئەو شتانەوە کە ئاماژەیان بۆکرا ڕۆژ و مانگ و تەنانەت ساڵی لەدایکبوونم تۆمار نەکراوە بەڵام بەپێی قسەوباسێک کە باب و دایکی خوالێخۆشبووم، دوای فامکردنەوە و لە شت گەیشتنم بۆیان گێڕاومەوە و لە هێندێک خزمی لە خۆم کۆنترم پرسیارکردووە، وام بۆ دەرکەوتووە کە لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣١٣ ی ک. هـ دا لە گوندی "سیسێر"ی ناوچەی گەورکی سەردەشت چاوم بە دنیا هەڵێناوە. ..........

# ژیانی فێربوون و فێرکردنم

لەبەر ئەوەی تاقانە بووم، دایک و باوکم چاوی هیوای دواڕۆژێکی ڕوونیان تێوەبڕیبووم. زۆرم لێ بەپەلە بوون بۆیان ببمە داری بەریی...... بۆیە هەر لەتەمەنی ٥ ساڵیم ڕا بە سپاردەی باوکم، دایکم بەکۆڵی خۆی دادام و بردمی بۆ هەیوانی مزگەوت بۆلای فەقێیەکی خزمی خۆمان.... یەکەم پیتی ئەلف و بێتکەم لەلایەن ئەو مامۆستا تازەلاوە خرایە سەر زمان. ..... لە سیپارەوە تا ٣/٢ ی "تصریف ملا علی"م لە ماڵی خۆمان لە گوندی سیسێر لەخزمەت ئەو مامۆستایە خوێند ..... لەو کاتەدا مامۆستا "مەلا برایم ئیسماعیلزادە" ناسراو بە سیسێریی...... لە عێراق لە دێی "گەلاڵە"ی شێنکایەتی لەخزمەت مەڕحوومی "حاجی مامۆستا مەلا محەممەد بۆکانی" ناسراو بە "مەلا محەممەدی ڕەئیس" ئاخرماددەی دەخوێندن، بە سەردان هاتبووە بۆ ماڵی خۆیان ...... هەرچەند ئەمن ئەوکاتە لەبەر منداڵیم بەکەڵکی خوێندن لە هەندەران نەدەهاتم، بەڵام پێوەندیی خاڵۆزا و پورزایی و تازە بەڕەحمەتچوونی دایکم، کە پووری بەڕێز مامۆستا مەلا برایم بوو، بڕێکیش تێڕادیوی و گەشبینی بەڕێزیان سەبارەت بە ئەوکاتەی من، بوون بەهۆی ئەوە کە مامۆستا دەگەڵ خۆی بمبا بۆ گەلاڵە. لەوێ بە هۆشێکی گەشتر و مێشکێکی کراوەتر ملم لە خوێندن نا. چونکە زوویان نابوومە بەر خوێندن و زەینی منداڵیشم باش بوو، بەگورجیی چووبوومە سەرێ. پلەی خوێندن و ڕادەی فامم لە تەمەن و باڵام، باڵاتری دەنواند. هەم لە سوختەییم و هەم لە موستەعیدییم دا کەمتەمەنترین ڕەفیقەکانم بووم. لەسەردەمی سوختەییمدا و تا گەیشتنم بە پلەی سێهەمی موستەعیدایەتییم، بابای ناشارەزا باوەڕی نەدەکرد ئەو تەمەن و باڵایە لە وەها پلەیەکی خوێندندا بێ ........

پاییزی ئەو ساڵە مامۆستا مەلا برایم بەهۆی نەخۆشی هاتەوە بۆ ماڵی خۆیان لە سیسێر و منیش لە خزمەتییدا بووم....، بەهارێ سەرلەنوێ چووینەوە بۆ گەلاڵە و پاش ماوەیەکی کەم مامۆستا لەخزمەت حاجی مامۆستا مەلا محەممەد بۆکانی ئیجازەی وەرگرت و گەڕاینەوە بۆ سیسێر .... بەهاری ساڵی دواتر(١٣٢٨) بەپێی باوی فەقێیەتی جێگۆڕکەم کرد و چوومە گوندی "نەڵاس"ێ لەبەری سوێسنیان........ وەک لەیادمە ئاخری هاوینی ساڵی دوایی گەشتێکم کرد بەرەو عێراق. چوومە سلێمانی، دوو شەو لەوێ بووم. بە خەتی "قەڵادزێ"دا گەڕامەوە و لە گوندی "نورەددین" گیرسامەوە، لەخزمەت مەڕحوومی حاجی مامۆستا مەلا حسێن دەشتێوێ ....، دەستم کرد بە کتێبی "مطول"..... دوای مانگێک لەوێ ڕۆیشتم بۆ گوندی "گەناو"ێ لە ناوچەی پشدەر، لەخزمەت خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ساڵح بێژوەیی .... درێژەم بە خوێندن دا......

هەر لە سەردەمی سوختەییم ڕا تاسووقی ئەوەبووم کە ئەگەر خودا بۆم بکا ئاخرماددەکانی خوێندن بەرمە خزمەت حاجی مامۆستا مەلا محەممەد بۆکانی کە بەڕاستی دەریای عیلم و کانگەی فەیز و بەرەکەت و چاوگەی دین و دینداریی بوو، ئیجازەی لە خزمەت مامۆستای بەنێوبانگ مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغی وەرگرتووە...... ئێستاش کتێبی "جمع الجوامع" م تەواونەکردبوو بەو تاوەزرۆییەوە چووم بۆ خزمەت ئەو زاتە و ئەویش بەزێدە لوتفەوە دەرسی پێدەگوتم. کتێبەکانی تەشریح و "اشکال التأسیس" و "ڕسالەی حساب" کە "ریاضیات"ی ئەو کاتەی حوجرە بوون، هەروەها کتێبی "تەهزیج" و دەگەڵ چەند جڵدێکی توحفەم خوێندن و چەند کتێبیشم سەماع کردن. دەتوانم بڵێم هێندە بەئیشتیاوە دەمخوێند کە لە ماوەی ساڵێکدا بەشی دوو ساڵم زیاتر خوێند. حاجی مامۆستای ڕەحمەتی لە گەلێک دەرسانمدا پێی دەفەرموم: فلان کەس! ئەمن ئەو دەرسەم هەر بە دووجار بە فەقێی دیکەم گوتۆتەوە...... پاییزی ١٣٣٥ دەگەڵ حاجی مەلا ئەبوبەکر ئوجاقی .... لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا پێکەوە ئیجازەمان لە خزمەت حاجی مامۆستا مەلا محمد وەرگرت و هاتمەوە بۆ سیسێرێ......

زۆری نەخایاند باوکم بەڕەحمەت چوو، ژنێک و پۆلێکی کچی گەورە و بچووک و دوو کوڕی سەغیری، کە یەکێکیان ساڵەوەختی تەواو نەکردبوو، لە دوای خۆی بەجێهێشت، دەست کورتییش بەجێی خۆی. ئەوجار گرێ و گۆلگەل گەمارۆیاندام.

...... بەهاری ١٣٣٦ ژنم هێنا و ڕەشە خانوویەکی تەنگ و تاریکم لە "سارتکێ" ئاوەدان کردەوە. سەرەڕای کەم و کوڕیی چەندلایەن و گیروگرفتی زۆر، بەدڵگەرمیی ملم لە تەدریس و موتالا نا. فەقێ زۆر دەهاتن و داوای جێگەیان دەکرد، بەڵام بەشێکی کەمیان دەرفەتی وەرگرتنیان هەبوو چونکە کەمدەرامەتیی و قەوارەی گوندەکە

هەر ئەوەندەی هەڵدەگرت ئەگینا ماڵم حەقە خەڵکەکەی لە خزمەتدا بێ قسوور بوون. ماوەی نزیک بە ٣ ساڵ وەک مەلایەکی تازەکوورە بەگەرمی تەدریسم کرد و تا ئاخرماددان و ئیجازەدان ڕۆیشتم. .....
پێم خۆشبوو جێگۆڕکەی بکەم، بچمە شارێک کە هەم ژیانێکی شارستانیانەم هەبێ و هەم کەرەسەی تەدریسم بەتەواوی ئامادەبێ، زۆر جاریش داوام لێ دەکرا و پیاوماقووڵ و دەمڕاست بە کۆمەڵ دەهاتنە ماڵێ و بە تامەزرۆییەوە هەوڵیان دەدا ببمە مەلای شارەکەیان بەڵام بە دوو دەلیل ملم نەدەدا ١– تێکەڵاویی ڕژیمی شام بە خۆرکەی ویژدان دەزانی، لە پێناوی خۆدزینەوە لەو دەزگایە ئامادەبووم ژیانی خۆش بکەم بە قوربانیی. بە فکری خۆم بابایەکی وەکی من بەو سابیقەوە کە هەمبوو خۆبواردن لەو گۆمەقوڕاوە زۆر حەستەم بوو. کوێرە دێیەکی وەک سارتکێ باشترین پەنای ئەو خۆدزینەوە بوو. ٢– خەڵکی سارتکێ، لەو ماوەدا کە من لە گرتووخانە بووم، جوانمێرانە و دڵسۆزانە خزمەتی ماڵ و منداڵیان بۆ کردبووم. خۆم بە قەرزدار دەزانیی، پێموابوو بەجێهێشتنیان بێئەمەگیی و ناسوپاسییە و لە بابایەکی وەک من ناکاڵێتەوە. لەبەر ئەو دوو شتانە بوو کە دەستم لە زۆر قازانجی خۆم هەڵگرت و لەوێ مامەوە و گەلێک سەختیی و کەموکوڕییم تەحەممول کرد.
....... ساڵی ١٣٥٧ کە سەرەتای ڕاپەڕین لەدژی ڕژیمی شایەتیی دەرکەوت،.... کوردستانیش بەنۆرەی خۆی بوو بە گڕکانی ڕاپەڕین. ئەمن وەک مەلایەکی باوەڕپێکراو و وەک خەباتگێڕێکی ناسراو و جێگای متمانەی جەماوەری ڕاپەڕیو و ئازادییخوازانی ناوچەی سەردەشت، بووم بە پێشڕە و هاندەری کۆمەڵانی شار و دێ و دەگەڵ گەلێ ماموستایان و تێکۆشەرانی ئەوکاتەی ناوچەکە، لە ڕاپەڕیندا بەشداریی بێقسوورمان کرد.
دوای سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی گەلانی ئێران و رووخانی ڕژیمی تاغووتیی، لە چەند جەلەسەی وتووێژ دەگەڵ ڕژیمی تازەدا وەک نوێنەری ناوچەی سەردەشت بەشدار بووم. لە مەهاباد لە یەکەم کۆبوونەوەدا و لە "بێوریێ خوارێ"، دیسان لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای شەڕی ٣ مانگەدا. دوای هەڵگیرسانی قۆناغی دووهەمی شەڕی کوردستان ژیانی مەلایەتیم بارگە و بنەی پێچایەوە و ژیانێکی دیکەم دەستپێکرد کە ئێستاش درێژەی هەیە، بەتەمای خودا لە پوختەی ژیانی سیاسییمدا بادەدەمەوە سەری و باسێکی لێ دەکەم!.

## (ژیانی ئەدەبیی)م

زۆر منداڵ بووم حەزم لە بەیتی فۆلکلۆری کوردیی و چیرۆکی قافیە و وەزن بوو، لە هەر ماڵە خزمێکمان شتێکی ئاوای لێبایە شەوێ خۆم دەگەیاندێ و هەتا کاتی نووستن دەمامەوە. دوایەش کە هەڵمدا و فێری خوێندنەوە بووم زۆرم پێخۆش بوو شت وەخوێنم و، تامی تایبەتیم لە شێعر و پەخشانی جوان دەکرد. ئەمن هەر چەند خۆم بە ئەدیب نازانم و قەتیش داوای شاعیرییم نەکردووە بەڵام ئەدەبیاتم پێ خۆشە و تام لە شێعری ناسک و کاکڵدار دەکەم. لە مێرمنداڵیم ڕا شێعرم داناون. وابزانم یەکەم هۆنراوەم کە وەک شێعر بچێ هەڵبەستێکی هەجوو بوو .....
شێعرەکانم زۆربەی هەرەزۆریان نیشتیمانیی و نەتەوەیین و هێندێکیشیان غەرامیین، هەمووشیان بەزمانی کوردین. جاروبارێک بەزمانی فارسیش شیعرم گوتووە. دیارە ئەمن نە خۆم بە شاعیر داناوە و نە وەک شاعیرێکی حیرفەیی کات و ساتم بۆ شێعردانان تەرخانکردووە، بەڵکوو جاروبارێک لە ئاکامی هەژانی دەروونم، بە ڕووداوێکی خۆش یان ناخۆش، هەستم جووڵاوە و بەدەربڕینی چەند هەڵبەستێک کوڵی دڵم دامرکاوە. بەو حاڵەشەوە شێعرەکانم زۆربوون، بەڵام لە بەختی ڕەشم ڕەشەبای بەسەرهاتەکانم بەشێکی زۆری لێ ڕفاندم و بەیەکجاری لێی فەوتاندم. بۆ نمونە پاییزی ١٣٣٨ کاتێک لەلایەن ساواکەوە گیرام، هەموو شێعرەکانیشیان لەنێو کتێبەکانمدا دینەوە و بردیانن و ئێستاش هەروا شوێنەونن. لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی کوردستانیش کە بوو بە هۆی دەربەدەریی و ماڵبەکۆڵییمان، زۆریان بەدەستی دۆستانی ساکار زیندەبەچاڵ کران و تێداچوون و بەشێکیشیان بە لەتوپەتیی مانەوە. دوایەش کەمتر خەریکی شێعر دانان بووم.

## (ژیانی سیاسیی)م

لە ١١ ساڵ هەڵنەبوردبووم بۆ یەکەمجار گوێی منداڵییم بەباسی دامەزرانی کۆماری کورد لە مەهاباد زرینگایەوە. باسی کورد و کوردایەتیی بوو بە شەوچەلەی شەوانی کۆڕ و کۆمەڵی کوردەواریی. .... لەو کەش و هەوا تازەدا هەستی ئازادیی و سەربەستیی وەک دیاردەیەکی پیرۆز و ئامانجێکی سەرەکیی ژیان لە مێشکمدا گەرای دانا، دیاردەی ژێرچەپۆکەیی وەک دێوەزمەیەکی دزێو چنگوڕکی لە هەناوم نا.

ئەو بیروبۆچوون و هەستەم دەگەڵ هەڵدانی جەستەم هەڵی دەدا، بیری ئازادییخوازییم بەپێی پێگەیشتنی فام و تێگەیشتنم پێدەگەیشت. ئێستا هەر بە منداڵ حیساب بووم کە تامەزرۆی باسی کوردایەتیی بووم و تامم لە خوێندنەوەی مێژووی خەباتی کورد و گەلانی دیکەی ژێرچەپۆکە و تێکۆشانی گەورەپیاوانی گەلەکەمان دەکرد.

بەرەبەرە هەڵمدەدا و بەپێی بۆلوان هەولم دەدا ئەو بیرە لەنێو هاوالانی خۆم و جەماوەری دەورووبەرم پەرەپێبدەم. هەر کە گەرای شێعر و هەڵبەست لەنێو هێلانەی زەینمدا جریوەی هات و دەخۆمرادی ملوانکەیەک "با لار و خێچ و خواریش بێ" بۆ ملی زێدم بهۆنمەوە، لارییم نەکرد. دواتریش کە نەختێک باشتر بووم، چیم لەدەست هات خۆم لێ نەبوارد.

با ئەوەشمان لەبیر نەچێ، چونکە بۆخۆم ئەو جیهانە لە دیدگای ئیسلامەوە سەیر دەکەم، زۆربەی نزیک بەتەواوی گەلی کوردیش موسڵمانە، زۆر ئاساییە کە هەستی نەتەوایەتییم دەگەڵ سۆزی ئیسلامەتیی ئاوێتە بێ، بۆیە ڕێبازی سیاسییم هەر وا بووە و هەر واش دەبێ. هەر بۆیەشە لە ژیانی سیاسییمدا قەت ئەندامێکی رەسمیی حیزبێکی نائیسلامیی نەبووم. هەموو ماوەی فەقێیەتیی و مەلایەتییم لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە ئایینیی و نەتەوەییە لەنێو توێژی رووناکبیر و هاوەڵان و جەماوەردا بەپێی دەرفەت، بێقسوور بووم. سوپاس بۆ خودا لەو ساتەڕا تاکو ئێستا لەو هەموو قوڕاو و چڵپاوە پڕیشکێکی پیس داوێنی پاکی نەنگاوتم.

ئێوارەی ١٠ ی خەزەڵوەری ١٣٣٨ ی کۆچیی- هەتاویی لەنەکاوێک مەئموورێکی ئیدارەی ساواکی تاران..... بە چەند چەکدارەوە بەسەریاندا دام و لە ماڵی خۆمدا گرتیانم و ژنێک و دوو کچی گچکەم، کە یەکێکیان تازە ببوو، بەبێ سەرپەرست مانەوە، بەبێ ئەوەی بزانم لەسەر چیی و بۆچیی؟. بەرەو سەردەشت و مەهاباد و دوایە تەوریز بەڕێ کرام لەوێش دوای نزیکەی مانگێک و پاش بیرازکردنێکی ساواکییانە و ئەشکەنجەی جۆراوجۆری دڕندانە دەگەڵ نزیکەی ١٥٠ کەسی دیکە، کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەشێوازی گرتنی من و بەو تاوانە گیرابوون، لە بەندیخانەی بەسامی (قزل قەلعە)ی تارانیان توند کردین. کورتی وەبڕین پاش پەروەندەسازیی بە قەمچیی و شەق و کەلەپچە و ئەشکەنجەی بێبەزەییانە و دوور لە ویژدان، دوای ٦-٧ مانگ دراین بە گرتووخانەی بەنێوبانگی (قەسری قاجار).

هەر لە تاران ساڵێک دوای گرتنمان، بەو پەروەندە ماشاالله راست و بێخەوشانەوە، تەحویلی دادگای دادپەروەریی ١١ ی ئەرتەشی شایان داین، بە تاوانی ١- فعالیت علیه رژیم سلطنتی ٢- تجزیه طلبی ٣- دارابودن مرام اشتراکی، دادگایی کراین. دیارە سەبارەت بە من هەر یەکەمیان "فعالیت علیه رژیم" راست بوو، زۆربەی گیراوەکانی دیکەش وەک من وابوون، هەشبوون بەتایبەتیی لە شارییەکان "دانسته و ندانسته" بە بلوێری تودەییاندا دەتووراند و دەسرەیان بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم هەڵدەسووڕاند. خودا هەڵناگرێ ئەو پێرە شۆڕشگێڕە لە نانەوەی دووبەرەکیی و کێشە و گێرە لە زیندانda، بێقسوور نەبوون!.

دادگاکان ئەرتەشیی بوون و حوکمەکان بە رەبەی ساواک دەپێوران. لە ئیعدامەوە تا ٣ ساڵ هەر کەسە بەشی بەرکەوت. ئەمن ١٠ ساڵیان پێ عەتا فەرمووم. دوای شۆڕشی ١٤ ی تەممووز لە عێراقدا کەشەقڵی سینتۆی شکاند و دڵی ئاغای شای لەرزاند، بەتایبەتی پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی کوردستانی عێراق(شۆڕشی ئەیلول)، هەلومەرجێکی تایبەتی ڕەخسا، ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ بەسەر هاوکێشی هێزەکان لەناوچەکەدا هات، ڕژێمی شای هێنایە سەر ئەو بارەوە کە بە سیاسەتی خۆی سەبارەت بە کوردستاندا بچێتەوە و چاو بەسەر حوکمەکاندا بگێڕێتەوە. بۆیە ئیعدامەکان هەڵوەشانەوە و حوکمە ئەبەد و زۆرماوەکان بەڕادەیەکی زۆر دابەزین بە چەشنێک کە ١٠ ساڵیی و ١٥ ساڵیی ساڵیی و تەنانەت هێندێک ئەبەدیش ڕۆژی ٢٣ ی خاکەلێوەی ١٣٤١ ئازادکران کە من یەکێک بووم لەوان. دیارە ٦ مانگ پێشتریش دەستەیەکی دیکە ئازاد کرابوون.

دوای ئازادبوونم لە گرتووخانە، سەر لەنوێ لە سارتکێ ملم لە ئیشی پێشووم (مەلایەتی) نایەوە بەڵام ئەوجار لە ژێر چاوەدێری نهێنی ساواکی لەعنەتیی دا. وێڕای ئەوەش ئاگری خەبات و هەستی ئازادییخوازیی لەناخمدا بەگڕتر و بەتینتر بوو. دەگەڵ پێڕاگەیشتن بە کاروباری جەماوەر و دەرس و موتالا، کاری سیاسیشم دەکرد بەڵام ئەمیان بەنهێنی. پێموایە کەم فەقێ یان مەلای هاوڕێم هەبوون بەشێوەیەک ئەو پەیامەم پێ نەدابن و بگرە زۆریان بوونە ڕێبواری ئەو ڕێبازە کە بۆخۆم ئێستاش شانازیی پێوەدەکەم . ساڵی ١٣٤٦-١٣٤٧ کە جموجۆڵی کوردایەتی لە ئارادا بوو، پۆلێک ڕۆڵەی کورد ئاڵای دژایەتی شایان هەڵکرد و تارادەیەک جەماوەری کوردیان خستە جووڵە و نووستووەکانیان لە خەو ڕاکرد. ئەوەندی ڕێگادەستم بوو لە ڕێنوێنی و پارێزگارییان

لاریم نەکرد. کاتێک ڕژێم هاوینی ٤٧ ..... ژمارەیەک پەلاماری گرتنی هێنایە سەر ناوچەکانی کوردستان ئەمنیش وەک نێچیرێکی سەرەکی بە تەماڵ هەڵنا و بانگیان کردم بۆ پایەگاکەی پشت ماڵان کە بەڕێم بکەن. خوڵا و ڕاستان کات مەیلەو درەنگ بوو و ماشین ناساز، خستیانەوە بەیانی و لەژێر چاوەدێری توندی ژاندارمەکاندا بووم. کوردی گوتەنی دز و خاوەنماڵ یەکبن.... شەوێ دەرفەتم هێنا و بەرەو چیا بۆی دەرچووم. شەوی دواتر لە کێوەکانی ناوچەکە ... دەگەڵ دوومەلای دیکەی ڕەفیقم بووینە هاودەم و هاوسەفەر. پاش دوو شەو شەوڕۆیی و خۆشارکەوێن لە سنووری ئێران تێپەڕ بووین و خۆمان گەیاندە سنووری دەسەڵاتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق... لە دێی "بۆسکێن"ی نزیک رانیە بووم بە مەلا و پۆلێک مەلا و فەقێی هاودەردم لە دەور کۆبوونەوە و کۆڕی دەرس و موتالامان سەرلەنوێ گەرم داهێنا، بە ئاوێتەی سیاسەتەوە. نێوەڕاستی زستانی ئەو ساڵە زەمینەی گەڕانەوە لەبار بوو و هاتینەوە، هەر لە سارتکێ درێژەم بە مەلایەتیی دا و دژایەتیی ڕژیمیشم بەتینتر بوو، بەڵام بڕێک وەستایانەتر چونکە چاوەدێریی زیاتر دەکرام.

دەگەڵ دەرکەوتنی سەرەتای راپەڕینی پڕشکۆی ساڵی ١٣٥٧ لە دژی ڕژیمی تاغووتیی، ئەو هەلەم قۆستەوە و هەموو توانای خۆم بۆ ڕێکخستن و هاندانی دۆستان و هاواڵان و جەماوەری ناوچەی سەردەشت وەکارخست و شانازیی بەشداریی چالاکانەم لەو راپەڕینە پیرۆزەدا بەرکەوت. سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی موسڵمانی ئێران لە دژی سیستەمی شایەتیی یەکێک بوو لە ئاواتە هەر پیرۆزەکانم لە ژیانمدا. .... وەک دیمان دەستاوی "خبرگان" ئەوەندە گیر و تفت دەرچوون کە تەنیا تەبیاتی کەمینەیەک دەیبرد، ئەو کۆرپە شیرینەی لە هەناوی شۆرشدا بوو و کە کۆمەڵانی موسڵمان بەتەمابوون بۆیان ببێ بە داری بەری، بە شەپڕەلێدراویی لەدایک بوو، واش وەک کوێر بەتەمای دوو چاوی ساغ هەر هێنامان، تا ئەو کاتەی هەموو پردەکان لێک هەڵتەکان و گەردەلوولی شاڵاو ئاگری هیوای چاکبوونی بارودۆخی کوژاندەوە و بای ڕاستیی تەمی وەهمی رەواندەوە.

دوای داسەپانی شەڕ، کە ئێستاش هەر درێژەی هەیە، بۆ ماوەی کەمتر لە ساڵێک لە دەفتەری "شێخ"دا بووم و دوای ئەوەی دیم ویستی ئێمە و ڕێبازی وی بەیەک ناخۆن وەلامان نا و ڕێکخراوێکی نەتەوایەتیی و ئیسلامییمان بەنێوی (سازمانی خەبات،ی نەتەوایەتیی و ئیسلامیی کوردستان) دروست کرد و ئێستاش هەروا لە گۆڕەپانی تێکۆشان دایە و بە ئەرکی ئایینیی و نەتەوەیی خۆمی دەزانم کە هەموو توانای خۆم لەپێناو دابینکردنی مافی رەوای گەلەکەم لە چوارچێوەی ئیسلامی راستەقینە دا وەکار بخەم، بۆیە لەو کاتەوە هەموو کارێکم بۆ تێکۆشان لەو ڕێبازە پیرۆزەدا وەلاناوە و رۆژگاری ژیانم بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە.